

# مـــاچـــــــێك قـــەرزاری تـــۆم

ئەمبەخشی کچی روبەخاڵ

خۆ ئەمجارەیان ئەمبەخشی

دەمێکە من

ماچێك قەرزاری تۆم

ئەوە خەریکە بەرەو کیشوەری سارد

سەفەر دەکەم

چەند پیربووم و نازانی

چەند بێ مەیلم بێ ئاگای

تا لەوێ بووم

تەڕ لە گەنجی

داوای ماچێکت لێنەکردم

لە باخچە چۆڵەکاندا سەمات لەگەڵ نەکردم

ئەوسای کە رۆیشتم

زۆر دوور

بەرەو بیابانی باشوور

ئەوسای لەوێدا لەگەڵ گورگەکان

یاری مەرگ و ئاگرمان دەکرد

عاشقی لم بووین

میوانی گەردەلوول

دراوسێی ماڵی حوشترە نەفامەکانی ئەوێ

دەست لە ملانێی سێبەرمان دەکرد

چەند بێکەس بووین ئەوسا

رەش هەڵگەڕابووین لە نائومێدی

بۆنی گەنیومان لێدەهات لەو دورگەیە

دوور بووم لەتۆ ئەوسا

مەسیجێکت گەیشت:

(ئاه ئەزانی چەند حەزم ئەکرد بەر لەوەی برۆی

ماچێکت بکەم رەنگە نەزانی چەندە بیرت دەکەم)

ئەزانم چەند بیرم ئەکەیت

بەڵام نەمدەزانی دەتەوێ ماچێکم بکەیت

تۆ هەروابووی ئەی کچی جوان

خۆر ئاوادەبوو دەتگووت :

چەندم پێ خۆش بوو ئەم نیوەڕۆیە پێکەوە قاوەیەکمان بخواردایە

تاوێکیش پێکەوە پیاسەمان دەکرد

هەرگیز نەهاتی ئەوسا

ئەی خودایە

بۆ وات لێکردین تەنها لە مەرگدا

تەنها لە دوریدا

غەریبی یەکتر بکەین

ئەوسا خۆزگەمان بیرکەوێتەوە

ئەزانی درەنگە خودا

ئەوسا زۆر درەنگە

بۆ هەمیشە گەرم نابین بۆ باوەشی یەك

ماچەکانمان تامی گەنجی لێنایەت

ئەی کچی جوان

باوەڕناکەم تامی ئەو شەکرە سێوەی جاران بەم

باوەرناکەم باوەشم ئەوەندە گەرم بێت

گەرمت کاتەوە

سەفەری ئەمجارەم بۆ کیشوەری ساردە
ئەم سەفەرەم درێژ دەبێت
دور تر لە  جاران
بەڵام لەویێ دەچمە ماڵی ئومێدەوە
رەنگە رۆژێك بێمەوە
قژم سپی هەڵگەڕاوە
رووومەتم پڕە لە لۆچ
دەستە لەرزە دەمگرێنێ
چاوم تیژ نابینن وەکو جاران
بەتەواوەتی دەرگاکەتان ناناسمەوە
ناوت بیرەوەری دەبێ و
وێنەکان قسە دەکەن
ئەمەیە چیرۆکی ئەوسام
بەڵام ئەی کچی جوان
پەیمان بێ هەرکات گەڕامەوە
من ماچێك قەرزاری تۆم
بەکچانی گەرەکیش بڵێ
باچیتر لەکۆنی دەرگاوە چاوەڕوانی من نەکەن
من لەوێ نیم چیتر بەیانیان بەوێدا تێناپەڕم
باچیتر بەو فێڵە کۆڵان ئاوڕشێن نەکەن
درەنگ دەگەڕێمەوە ئەوان رۆیشتوون
ئەوان کچە جوان و سەلارەکانی گەڕەك
زڕەی بازنگیان هەر لە گوێم ماوە, ترقەی پێکەنیان جوان بوو بیرم ناچێ
پورە رەیحانیش پێیدەگووتن:
بۆ ئەوەندە سەرە تاتکێ دەکەن لە دەرگاوە ئێوە عازەبن
ئەوەتا مەمکتان کردووە عەیبە کچم جوان نیە شەرمە
کچانیش بە پێکەنینەوە بۆیەکتر دەیانگووت :
ئەمە پورە رەیحانەی  وادەڵێ لە وەختی خۆی  ئەوە ندە عاشق بووە

لەیەك گەرەك سێ مەعشوقەی هەبووە
ئێستاش واز لە چاوبازیەکانی ئێمە ناهێنێ.
تخوا سلاو لە پورە رەیحان و  داپیرە حەلیمە بکە
بیری دانیشتنەکانی بەردەرگایان دەکەم
بیری دوعا ناسکەکانیان دەکەم
ئەوان جوان بوون پڕبوون لە میهرەبانی
دوو پیری ناسکی گەرەك بوون
هەمیشە بەچاوبازییەکانی ئێمە پێدەکەنین
ئەوسا چەند جوان بووین
چەند قۆز لە گەنجی
ئاە چەند بیری هەمووتان دەکەم
چەند بیری گەرەك و شار دەکەم
ئەوان دەچن ئێمەش دەچین
ئەوەی بەگەشی دەمێنێتەوە
تەنهاو تەنها بیرەوەرین
کە دێمەوە نە گەرەك وەکو خۆی ماوە نەشار ئەو شارەی جارانە
نە ئەزیزانم دەبینم
بۆ هەرکوێ دەڕوانم بۆ من چۆڵەوانیە
نە پورە رەیحان و داپیرە حەلیمەی قسە خۆش
نەکچانی ناسکی گەرەك
کەس نابینم
بەلام لە سەرەمەرگیشدا بێت
من ماچێك قەرزاری تۆم

ئارام رەمەزان
**2007**
asalaie@yahoo.com